# مەسعود بارزانی: موچەی خەڵك وەك كارتێك بەكاریان هێنا بۆئەوەی هەڕەمی كوردستان لەناوببەن



مەسعود بارزانی سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان رایدەگەیەنێت، موچەی خەڵكی كوردستان قەزیەیەكی سیاسییە و وەك كارتێك بەكاریان هێنا بۆئەوەی هەڕەمی كوردستان لەناوببەن، ئەمەش بە چاو ساغی خەڵكێكی ناوخێیی بو و دەشڵێت، "پیلانی ئێستا و دوژمنایەتی ئێستا لەگەڵ میللەتی ئێمە زۆر مەترسیدارتر و گەورەترە لە هی ڕابردو".

ئەمڕۆ پێنجشەممە لە شاری دهۆك مەسعود بارزانی لەگەڵ ژمارەیەكی زۆری دایك و خانەوادەی شەهید و پێشمەرگە و ئافرەتە تێكۆشەرەكانی پارێزگای دهۆك كۆبوونەوە و وتارێكی پێشكەش كرد كەموتێع بۆدواداچوونی بۆ كردووە و جەختیكردەوە، "جگە لە خودا ئێمە بۆ كەس خۆناچەمێنین و تەنها بۆ دایكی شەهیدانی خانەوادەی شەهیدان 10 جار خۆمان دەچەمێنین".

مەسعود بارزانی لە وتارەكەیدا ڕایگەیاند، لە شێشی ئەیلولەوە تا ئەمڕۆ ئافرەت باوك بوە، دایك بوە مامۆستا بوە، جوتیار بوە، ئەو خەبات و قوربانیدانەی گەلی كورد و ئازایەتی ئافرەتانی كورد ئەمانەتێكی گەورەیە لەسەر شانی ئێمە بۆیە هەرچی بێم كەمە دەرهەق بە دایكی شەهیدان و كەسوكاری شەهیدان.

مەسعود بارزانی ئاماژەی بە مەترسی پیلانەکانی ئێستا بۆ سەر هەرێمی کوردستان کرد و وتی، "پیلانی ئێستا و دوژمنایەتی ئێستا لەگەڵ میللەتی ئێمە زۆر مەترسیدارتر و گەورەترە لە هی ڕابردوو، ئێستا بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژراو دەیانەوێت خەڵکی ئێمە و گەنجی ئێمە توشی ماددەی هۆشبەر بێت، ئەمە گەورەترین مەترسییە، دەیانەوێت خەڵکی ئێمە توشی بۆمدی بکەن و هیچ سڵز و ئینتما بۆ نیشتمان نەمێنێت".

هەر لە وتارەکەیدا مەسعود بارزانی ئاماژەی بە بینینی موچەی خەڵکی کوردستان کرد و وتی، "موچەی خەڵکی کوردستان قەزیەیەکی سیاسییە و وەک کارتێك بەکاریان هێنا بۆئەوەی هەرێمی کوردستان لەناوببەن، ئەمەش بە چاو ساغی خەڵکێکی ناوخۆیی بو کە گیانیان بۆ بەغدا خۆش کرد و ئەمەش لە ئەنفال و کیمیاباران کەمتر نیە.